# مەریوان هەڵەبجەیی ئەوهەرایەیی بۆ پەناهەندەیی نایەوە

## تەها ئەمین هەڵەدنی

ئیسلامیەکان هەروەک فاشستەکانی توورک، زرنۆقیان لە دەنگە جیاوازەکان چوە. فاشستەکانی توورک دوا توانای خۆیان خستۆتە گەڕ، بۆ خنکاندنی دەنگی ڕۆژتێقی.هەرچەند ڕۆژ  تێقی لە زۆمی چاوی کامێراکانیەوە، تەنها هاواری گەلێک دەگرێتەگوێی جیهانیانی خۆ کەڕ کردوو. توورکە فاشستەکان هەموو کارکێکی نامرۆڤانە بە ڕەوا دەبینن،کە بیکەن دژی گەلی کورد، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە نابێت کورد هاوار بکات. ئەوان تەنانەت چەکی کیماویش بەکار دەهێنن، بەڵام کورد نابێت، بیدرکێنێ کە چەکی کیماوی دژی بەکار دەهێندرێت.

توورکەکان ڕێخراوی مەهەپە بەفەرمی دەناسێنن، کە لەچاو فاشستەکانی ئەڵماندا بەهەزار ئاو شۆردراوەتەوە، لای ئەوان ڕەوایە، بەڵام لای ئەوان تیرۆرە، ئەگەر کورد هاواری ئازارەکانی بکات.

مەلاکانیش چونکە هەرگیز نەیان توانیوە تەنها ووشەیەکی ڕاست بهێننە زمان، چونکە دەقی ئایەی قورئانی ڕەوایی دەدات بەدرۆکردن، سورەی مائیدەی 89 ئەڵێ:درۆ بکە، بەڵام خواردنی 10هەرژار بدە، یا 3 ڕۆژ بەڕۆژوو بە لە جیاتی درۆکردن،مەلاکان ناتوانن هەرگیز ڕاستی بڵێن.

لەسەر نوسینی سێکس و شەرع ئیسلام هەرایەکیان نایەوە، تەنها خۆیان زانیان دایمرکێننەوە، پاشانیش کردیانە هەرا، گوایە کاک مەریوان هەڵەبجەیی ئەم هەرایەی بۆیە نایەوە تا پەناهەندیی وەربگرێت لەئەورووپا، یاجێگەیەکی دیکەی ئەم جیهانە.

لەمەلاکان دەپرسین،ئایا سەلام ڕوشدیش بۆداوای پەناهندەیی،ئایە شەیتانیەکانی نووسی؟ سەلمان ڕوشدی لەکاتێکدا ئایەشەیتانیەکانی نووسی، هاوڵاتی ئینگلاندبوو. کەواتە مەلاکان درۆیان فەرموو.

سەلام عەبدوڵا،حەمەسەعید حەسەن، نووسیانیان لەسەر ئیسلام نووسی ئینجا گەڕانەوە کوردستان، کەواتە مەلاکان درۆیان فەرموو.

وەفا سوڵتانی بە ڕەسەن خەڵکی سورییایە، بەڵام دەیان ساڵە هاوڵاتی ئەمەریکای باکورە،ئینجا شیکردنەوە دژئیسلام دەنووسێ، مامۆستا دیسان درۆت فەرموو.

ئیسلامە سیاسیەکانی،یا ئیسلامی عروبەیی، هەمیشە گازەندەی گفتۆگۆ دەکەن، ئەشڵێن خوا لە قورئاند ئایەی هەنگی ژمارە 124 ووتوویە: بە زانایی و وشیاری ئامۆژگاری خەڵک بکە، بۆ بانگ کردنیان بۆ لای پەروەردگارت، هەروەها بەباشترین شێوەش گفتووگۆیان لەگەڵدابکە.

ئەگەر وایە، مەلاکان بۆ فتوای کوشتینی کاک مەریوانیانەدەرکرد؟

ئەگەر وایە، بۆفتوای کوشتنی سەلمانڕوشدیان دەکرد؟

ئەگەر وایە بۆ فتوای تەوسلیمە نەسرینیان دەکرد؟

ئەگەر وایە بۆڤان کوخیان تیرۆرکردو،ئایان هێریس ئەلی خۆیشاردەوە؟

ئەگەر وایە بۆ 170 ئایە ئەڵێ بیکوژە، بیبڕە، لە سێدارەیبدە ، لەخاچیبدە، لەسەری بدە،دەستوو و پێی ببڕەوە؟

ئایەکانی کوشتن:

http://www.dengekan.com/doc/2005/10/haladne21.pdf

ئەنیشاتین ئەڵێ: نازانم جەنگی جیهانی سێهەم بە چی دەکرێت، بەڵام دڵنیام کە جەنگی جیهانی چوارەم بە بەرد و کوتەک دەکرێت1.

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D9%84%D8%A8%D8%B1%D8%AA_%D8%A3%D9%8A%D9%86%D8%B4%D8%AA%D8%A7%D9%8A%D9%86

مەلاکان لە هەموو کەس زیاتر شارەزای سەرجەم تەبارەکانی قورئانن، بۆیە چۆنیان بوێ، دەیشێکنن،چۆنیشیان بوێ دروستی دەکەنەوە.

ئەگەر ئێوە خەڵکانێکن باوەڕتان بەگفتوگۆ هەیە، کوا بۆ وەڵامی تاکە یەک نووسەرتان پێنەدراوەتەوە،جگەلەبەرزکردنەوەی شمشێرە ژەنگاویەکەتان؟

ئەگەر ئیسلام باوەڕی بە گفتۆ هەیە، ئەدی ئیسلام چۆن گەشتە ئیسپانیا؟

ووتمان ئەیڵێینەوە، تا ئەوکاتەی ئاستی ڕۆشنبیری گەلەکەمان لەخوارەوەبوو، ئیسلام گەز گەز بالایدەکرد.

ئەگەر بهێننیەوە یادمان کۆتایشەستەکان،جگە لە کوردە کریستیانەکان، جولکەکان، یەزیدیەکان سەرجەم ئەوانی دی کە ئیسلام بوون، لە سەدا سەد باوەڕیان بە ئیسلام هەبوو بێ ئەوەی تەنها ووشەیەک لەئیسلام و قورئان تێگەشتبانا.

بەڵام ئەگەر بێتوو سەرکەوین بۆ سەرو شەستەکان، دەبینن ووردە ووردە ئاستی ووشیاری خەڵک بەرز بۆتەوە، بە بەرزی ئاستی ووشیاری خەڵکیش لەئیسلام دوورکەوتوونەتەوە.

مایەی دڵخۆشیە کە ئەمڕۆ ڕۆشنبیران  بوونەتە مەشخەڵی شکاندنی کۆتو و زیندانی ئیسلام.

1 بۆئەوەی بتوانی لینکی ویکیپیدیای ئەنیشتاین بخوێنیتەوە، پێویستە هەموو لینکەکە کۆپی بکەیت، پاشان بیلکێنیت بە شوێنی داواکردنی ناونیشانی نێت. چونکە بە کلیک کردن نادۆزرێتەوە.